# ڕوداوی لەدەست دانی فاتمە وخوێندنەوەیەکی تر

نووسینی

خالید مەجید فەرەج بەلجیکا

ئایا باوکی فاتمە کە سەر بەکلتورێکی خۆرهەلاتیە و تەنها ڕێکەوت ئەوی لە وولاتێك نیشتەجێ کردووە، کە بە مۆدێرن ترین وولاتی ئەوروپا دادەنرێ و قانوونەکانی حەفتا سالّ زیاتر لە قانوونەکانی ولاتی ئێمە پێشکەوتووترن. هاوولاتیانیان وەکو ناوی خۆیان مافە مەدەنی و دەستوریەکانیان لەبەرە، نەك هەر ئەوە بەلّکو منالّ ئەتوانێ بەژمارە تەلەفۆنێکی تایبەتی پۆلیس بۆ باوك یان دایکی بانگ کا ئەگەر خراپ مامەلّەیان لەگەلّ کرد. لەوانەش هەمووی گرنگتر سەربەستی لە مومارەسەکرنی سێکس و بە قانونی کردنی پەیوەندی ناشەرعی نێوان کوڕ و کچ کە بەشێوەیەك لە ناو عورف کۆمەلایەتیدا ڕەگی داکوتیوە، ڕەنگە ئەگەر پەیوەندی‌یەك بەو قۆناغەدا نەڕوا لەکۆتایی دا نەگاتە زەواجێکی شەرعی سەرکەوتوو. خۆئەگەر پەیوەندیەکەش هەرئاوا مایەوە بەواتا لەچوارچێوە (ناشەرعیەکەدا) قانوون مافەکانی هەردولاو منالّەکانیان کە لەو پەیوەندی‌یە دروست ئەبن ئەپارێزێ سەرەڕای ئەمانە هەمووی کۆمەلّگا بەچاوێکی ئاسایی سەیریان ئەکا، کە بێ گومان ئەمە لەهەواوە نەهاتووە بەلّکو لە ئەنجامی کۆمەلێ پرۆسەی پێشکەوتنی ئابووری وکۆمەلایەتی و قانونی و فیکری و شارستانی هاتۆتەکایەوە، لامان سەیر نەبێ دەورانێك هەبووە لەم وولاتانە دلّداری پاکیش عەیب و عاربووە، لێرەوە ئەگەڕێمەوە سەرئەو پرسیارەی ئایا ڕەوایە باوکی فاتمە بە قانوونی ئەم شارستانیەتە موحاکەمە بکرێت، ئەگەر موحاکەمە کرا ئایا ئەو دادگایی کردنە بەتەنها ئەو دەگرێتەوە یان ئەو کلتورەی ئەوعەقلّی لێوە فێربووە زۆرم لاسەیرە لە ناو کۆمەلّی کوردەواری ئێمەدا ڕۆشنبیرەکان زیاتر لەوانی تر لەم جۆرە کارەساتانەدا بەعاتیفە بیرئەکەنەوە. ڕووداوەکە لەژینگەی خۆی، کە ژینگەیەکی سەد دەر سەد کوردەواری‌یە دەرئەهێنن و هەرچی پێوەر هەیە لە ئەوروپا و ئەمەریکا ئەیهێنن بۆ پێوانە کردنی و دواجار حوکم دانی بە پێی ئەو بنەمایانە هەروەکو ئەوخێزانەی، کە پێنج شەش سالێکە لە ئەوروپاجێگیر بووە، ئیتر بەتەواوەتی ئەبێ لەناو ئەم کۆمەلّگایە تەوابێتەوە و وەکو ئەوان هەلّسوکەوت بکا، خۆ ئەگەر وا نەبێ ئەوە دەیان قەسیدەو پەخشان لەڕێ دەبێ بۆی. بۆ بەوەحشی کردنی تاوانبار و پیاهەلّدان بە بەرائەت و جوانی قوربانیەکە و کوڕنووش بۆ بردنی. لێرەوە ئەشێ بپرسین ئایا باوکی فاتمە ئەی توانی هەر لەسەرەتاوە بەرەو هەندەران ڕێگە نەگرێتە بەر، تاوەکو ڕوو بەڕوی ئەم جۆرە کێشانە نەبێتەوە و خۆیی و خێزانەکەی لەو عاقیبەتە بپارێزێ ؟ وەیان ئەو بەو هیوایە ئەوڕێگەیەی گرتە بەر بۆئەوەی فرسەتێکی باشتر بۆ فاتیمە و منالّەکانی تری بڕەخسێنی تاوەکو لەئەوروپا سوود لەوئیمکانیەتانە وەربگرن کە بۆ خەلّکی ئێرە دابین کراوە و لای خۆمان دەگمەنن، لە بواری زیاتر فێربوون و پێشکەوتن و دروست کردنی پاشەڕۆژێك، کە هەزارەها لاو لەناوەوەی وولات خەونی پێوە ئەبینن، بێگومان ئەمە مەبەستی ئەو باوکە بووە و ئەوەی چاوەڕوانی نەکردووە بەخێرایی گونجانی کچەکەی لەگەلّ لایەنێکی ئەو کلتورە و بڕیاردانی، کە سەد دەر سەد لەو ڕوەوە وەکو ئەوروپی‌یەك بژی بە واتا هەلّبژاردنی ژیانی ڕەفیقایەتی لەگەلّ کوڕێکدا و گۆڕینەوەی بەژیانی ژن و مێردایەتی کە لە عورف و کلتوری کوردەواریمان دا تەنها وتەنها ڕێگەیە کە خێزانی لێ دروست دەبێ و بەڕەسمی دەناسرێ ئەمە لایەنێکی گەورەی کێشەکەیە و ئایا باوکی فاتمە چەند ئامادەیی تیایە وەك ئەوروپیەك

بژی و دوا تر ئەومەسەلەیەی وەك ئەوروپی‌یەك پیٚ قبولّ بیٚ؟ بیٚگومان فاتمە بیری لە مانە هیچ نەكردۆتەوە و بەسوود وەرگرتن لەو كەش و هەوایەی كە لەم جیهانە نویٚ یە بۆی ڕەخساوە ئەو بڕیارەی داوە كە بەداخەوە، دواتر ئەو كارەساتەی لیٚ دەكەویٚتەوە بە لەناو چونی خۆی بەدەستی نزیك ترین كەس لیٚیەوە كە باوكیەتی، لیٚرەوە ئەلیٚم ئیٚمەی كۆمەلّی كوردەواری هەمووەمان دەستمان لە كوشتنی فاتمەدا هەیە، تەنانەت فاتیمە خۆشی، زۆربەی زۆری ئەو گەنجانەی كە هەیانە زیاتر لە دەسالّ دەبیٚ كەوتونەتە ئەم وولاٚتانەوە، زۆر بەشانازی ئەزانن ئەگەر كچە بیٚیانیەك پیٚیان ڕازی بیٚ و شوویان پیٚ بكا بەبیٚ بیركردنەوە لەڕابووردوی و ئایا پیٚشتر لەگەلّ چەند كەسی تردا بووە، بەلاٚم كاتیٚك هەر هەمان كەس ئەگەر بیەویٚ كچە كوردیٚك بكاتە هاوسەری خۆی هەزارو یەك سەر ئەهیٚنی و ئەبا نەبادا، پیٚشتر دلّی بەكوڕیٚكی ترەوە بوو‌بیٚ، ئالیٚرەدا ئەو كوڕە لەژینگە ئەوروپی‌یەكە دیٚتە دەریٚ و ئەكەویٚتەوە ناو ژینگە كوردەواریەكە، لەو مەسەلانەدا ڕەحم ناكاحیسابی ووردی بۆ ئەكا، ئەگەر فاتمە پاش ماوەیەك لەگەلّ ئەو كەسەی كەدلّیان پیٚكەوە بووە لیٚك جیابوونایەتەوە لەبەر هەر هۆیەك بیٚ چەند كەس لەو گەنجە كوردانە، كە پاش مەرگی قەسیدەیان بۆ نووسی ئامادەبوون حیسابی ئەو ڕابووردوەی بۆ نەكەن و بەمەبەستی هیٚنانی بچنە داوای؟ ئەمە ئەوە ئەگەیٚنیٚ كە ئیٚمە هەمووەمان هەربە تەنها بە لەش لە ئەوروپا ئەژین بەلاٚم بەئەقلّ و عاتیفە هەر لەكوردوستانیین، باوكی فاتمەش بەدەر نیە لەو موعادەلەیە، ئەمە دیفاع كردن، نی‌یە لە بكوژانی فاتمە، كە بیٚگومان ئیٚستا ئەومەسەلەیە لە بەردەمی داگادایە، جیٚگەی سەرنجە ئیٚمە لەجەنجالّی پیٚشبڕكیٚماندا بۆ سەلماندنی ئەوەی كە كاممان لەوی ترمان زیاتر لەناو كۆمەلّگەی مەدەنیدا قالّ بووین تواوینەتەوە، ئەویش بە ئیدانەكردنی ئەو كەسەی ئەو تاوانەی كردووە (كەجیٚگەی گومان نی‌یە دوورە لە مرۆڤایەتی‌یەوە).

ئەوەمان بیر نەچیٚتەوە كە لەو كۆمەلّگایەدا ئەبیٚ دەسەلاٚتی دادوەری حوكم بەسەر گومان لیٚ كراواندا بدات، نەوەك هەركەسە لەلای خۆیەوە لەجیٚگەی دادوەر دانیشیٚ و هیچ بۆ دادگا نەهیٚلیٚتەوە، مەسەلەیەكی تر، كە كچانی ئەوروپای بیٚتاقەت كردووە شونەكردنیانە. واتا ناتوانن خیٚزان كە هەموو واتاكانی جیٚگیری و مندالّ پەروەردەكردنی تیا جیٚگە دەبیٚتەوە، پیٚك بهیٚنن ئەمەش دەگەڕیٚتەوە بۆسیستەمی پیٚكەوە ژیان بەبیٚ ئەو چوارچیٚوەشەرعیەی كە پەیوەندی ژن و میٚردایەتی لەسەر دروست ئەبیٚت، ئەوانە بەردەوام لە بیٚ بڕوایی بە یەكترو ترس لە داهاتووی نادیاردا ئەژین، بۆیە زۆربەی زۆریان نایانەویٚ مندالّ بخەنەوە، كە ئیٚستا كیٚشەیەكی جدی بۆ ئەم وولاٚتانە لەڕووی دیموگرافیەوە دروست كردوە و هەندیٚك لەم وولاٚتانە پاش چەند سالیٚكی تر دانیشتوانە ئەسلّی یەكەیان دەبن بەكەمایەتی، ئیٚمە ئەگەر بمانەویٚ چاو لەكۆمەلّگای ئەوروپی بكەین زۆرشتی جوانیان هەیە، كە شایەنی ئەوەیە گرنگی پیٚبدەین و بیخەینە پیٚش شتەكانی ترەوە، لەوانە هەولّدانی بەردەوام بۆفیٚربوون و پەنابردنە بەر شیتەلّكردنی زانستی بۆ تیٚگەیشتن لە هەموودیاردە سروشتی و كۆمەلاٚیەتیەكان و ڕیٚزگرتن لەمافەكانی بەرانبەر و گواستنەوەی دەسەلاٚت لەچوارچیٚوەی ئەو گەمە سیاسیەی، كە هەموو چالاكیە سیاسی و كۆمەلاٚیەتیەكان ڕیٚكەوتوون لەسەری و زۆرشتی تر، ئەمانە بەلّگەی هەنگاو نانە بەرەو ئەو مەدەنیەتەی، كە هەمووەمان بانگەشەی بۆئەكەین، نەوەك كورت كردنەوەی ئەو هەموو شتانە لە سەربەستی پیٚكەوە ژیان دوور لەدامەزراوەی زەواج و كردنی بە بەلّگەی بە ئەوروپی بوون.

لە كاتیٚكدا كۆمەلّگاكانی ئیٚرە خۆیان بەدەست ئاكامەكانیەوە ئەنالیٚنن، ئەگەر ئیٚمەی كورد دەرك بەوە بكەین، نە فاتمەكانمان تەنها ئەو ڕیٚگەیەیان لەبەر چاو دەبیٚ، بۆ خۆگونجاندن لەگەلّ ئەم كۆمەلّە نویٚیانەدا و نەباوكانیش، چەقۆ تاكە دالّدەیان دەبیٚ بۆ سڕینەوەی ئەو عارەی كە سەدان سالّە لەئەقلّی جەمعیمانا بەكوشتن نەبیٚ ناسڕیٚتەوە.